
# دوایین دیدار و لێدوانی شەهید دوکتور قاسملوو لە گەڵ هێزی پێشمەرگە

**٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٨**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ۳۰ ساڵ پێش لەوەها ڕۆژێک دا

مەڵبەندی شومالی کوردستان و هێزەکانی سەر بەم مەڵبەندە لە "بێشێ"ی بناری "حەسەن بەگ" لە باشووری کوردستان بووین. دوای شام، کاک سولێمان کەڵەشی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەڵماس کۆبوونەوەیەکی چەند دەقیقەیی بۆ ئێمە لە کۆمیتە پێکهێنا کە وابزانم وەک کادری کۆمیتە ۱۳ کەس بووین. کۆبوونەوەکە بۆ ئەوە بوو کە پێمان ڕابگەیەنێ کە ؛ بەیانیی سکرتێری حیزب، کاک دوکتور قاسملوو دێتە سەردانمان.

ئەو هەواڵە بۆ ئێمە موژدەیەکی گەورە بوو کە دەتوانم بڵێم ئەو شـــەوە زۆر کەم چاومان چووە خەوە و خەومان لێکەوت و چاوەڕوانی ئەوە بووین هەرچی زووتر ڕۆژ بێتەوە کە بە دیداری ڕێبەر و هاوڕێی خۆشەویستمان "کاک دوکتۆر" شاد بینەوە.

بەیانییەکەی کە زۆربەی هەرە زۆرمان پێشتر لە کاتی خۆی بەخەبەر بووین، دوای نانی بەیانی هەموو دەورووبەری خۆمان خاوێن و کۆ کردەوە و، پۆشـــتە و پەرداخ چووینەوە لای سەرەوە کە بنکەی مەڵبەندی لێ هەڵکەوتبوو و تێکڕا چاوەڕوانی هاتنیمان دەکرد.

دەوربەری کاتژمێر ۱۰ی بەیانی بوو کە کاک دوکتۆر و چەند کەس لە پارێزەرەکانی بە ماشێنێکی لاندرکۆزێری سکرتاریاوە هاتن و چووینە پێشوازیان.

دوای پێشوازی و بەخێرهاتن کردن و پشوویەکی کورت، لە پشت مەڵبەند لە ژێر سێبەری دارێک دانیشـــتین و کۆبوونەوەیەکی بۆ کردین. ئەوە دوایین دیداری ئێمە پێشـــمەرگەکانی حیزب بوو لە گەڵ ڕێبەری گەورەمان کە بەداخەوە چەند مانگ دواتری لە ۲۲ی پووشـپەڕی هەمان ســاڵدا بە دەسـتی دیپلۆمات تێرۆریسـتانی کۆماری ئیسـلامی ئێران لە ڤییەنی پایتەختی وڵاتی ئوتریش تێرۆر کرا.

مومکین نیە هیچکام لە بەشـــدارانی ئەو دیدار و کۆبوونەوەیە بیرەوەریی ئەو ڕۆژە لە بیر بکەن و هەموو ساڵێ ئەو ڕۆژە نەکەونە یادی ئامۆژگارییەکانی ڕێبەر و مامۆستامان.

بەڵێ ئەو ڕۆژە؛ ۲۹ی خاکەلێوەی ۱۳٦۸ (۱۸ی ئاوریلی ۱۹۸۹ ) بوو.

ئەم چەند وێنەیەش لەو ڕۆژە دا گیراون.

**کاوس عازیزی، کادری تەشکیلاتیی ئەو کاتی مەڵبەندی شومالی کوردستان لە کۆمیتەی سەڵماس**
**۲۹ی خاکەلێوەی ۱۳۹۸ی هەتاوی**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەقی قسەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شمالی کوردستان

هاورێیان!

ئەمساڵ ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر ناسک داین. کە دەڵێم ناسک مەبەستم نییە کە هەلومەرج بۆمان خراپە. مەبەست ئەوەش نییە کە هەلومەرج بۆ ئێمە باشە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆمان کە ئەگەر بتوانین لەو شەرایتە، لەو هەلومەرجە کەڵک وەربگرین، ئیستفادە بکەین، ئەوە هەلومەرجێکی زۆر باشە بۆمان هەڵکەوتووە. ئەگەر نەتوانین لەو هەلومەرجە کەڵک وەربگرین و وەختەکە بەخۆڕایی بچێ، ئەوە هەلومەرجێکی ناسک بۆ ئێمە پێک دێ. ئێوە دەزانن نزیک بە هەشت مانگ لەمەوبەر، لەسەر فشاری داخلی، لەسەر نارەزایی خەڵک و لەسەر فشاری نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی ناچار بوو بڕیارنامەی 598ی شووری ئەمنیەت قەبووڵ کا. پێم وایە لەوەی باشتر ناکوترێ کە خودی خومەینی کوتی لە واقیع دا ئەو بڕیارنامەیە بۆ خومەینی وەک ژەهر وابوو کە خواردیەوە. هەرچەند هێندێک لە هاورێیان دەپرسن ئەو هەموو ژەهرەی خواردەوە بۆ هیچ بەسەر نایە.

ئەو وەختەی ئوە بڕیارنامەیە پێک هات، زۆر کەس، رەنگە ئێوەش شاهید بن، لەهەردوو کوردستان، بە تایبەت لە کوردستانی عێراق، ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەوە دیسان ساڵی 1975 تیکرار دەکاتەوە. دیسان دەبێتە ئاشبەتاڵ. دەیسان جووڵانەوەی کورد تێک دەشکێ. بەڵام ئێمە و رێبەرایەتیی حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەر لە سەرەتاوە زۆر بە سەڕاحەت رایگەیاند کە لە مێژووی حیزبی ئێمە دا ئاشبەتاڵ جێگای نییە و نابێ تیکرار بکرێ. هەروەها لێکدانەوەی حیزبی ئێمە نیشانی دا کە لەگەڵ ئەوە کە بڕیارنامەکە قەبووڵ کراوە، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دوو دەوڵەتە بەتەواوی رێک بکەون و ئاشتییەکی بەردەوام و سوڵحیکی دایمی لە بەینیان دا پێک بێ و ئەو وەختە جووڵانەوەی کورد بکەوێتە وەزعێکی سەخت. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، وەکوو حیزبێکی مەسئوول، دەبێ فکری رۆژی هەرە سەختیش بکەین، کە دەڵێین ئاشبەتاڵ نابێ، حەتتا ئەگەر ئەو دەوڵەتانەش رێک کەون ئێمە دەبێ خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە فکری ئەو وەختەی کردووەتەوە. باشترە لە سیاسەت دا ئینسان فکری حاڵەتی هەرەسەخت بکاتەوە، ئەوانی دیکە ئاسان دەبن. ئەگەر لە فکری حاڵەتی ئاسان دا بێ ئەو وەختە ئیدی سەختەکەی بۆ تەحەمول ناکرێ. بۆیە حیزبی ئێمە ڕێگای ئەوەی کە لە حاڵەتێکدا کە بە تەواوی ئاشتییەکی بەردەوام لە بەینی ئەو دوو دەوڵەتە دا پێک بێ، ڕێگای دیوەتەوە بۆ ئەوە کە ئێمە لەو حاڵەتە دا چ بکەین.

دەمێنێتەوە ئەوەی کە ئایا ئەو دوو دەوڵەتە دەتوانن ڕێک کەون؟ پێمان وایە نا. ئێمە دەبێ خۆمان بۆ حاڵەتی ڕێککەوتن ئامادە بکەین بەڵام پێمان وایە زەحمەتە (ڕێک بکەون). چونکوو دیارە جەوهەری، ماهییەتی ئەو دوو دەوڵەتە یەک ناگرێتەوە. دەوڵەتی ئێران کۆمارێکی بە ناو ئیسلامیی ئەسناعەشەری، ویلایەتی فەقیهە کە دەیهەوێ بە زۆر شۆڕشی ئیسلامیی خۆی سادر کا. وە عێراق حکوومەتێکی لائیک و غەیری مەزهەبییە کە کە دەیهەوێ و دە بەرنامەیخۆیدا دایناوە سۆسیالیسم دروست بکا. کە واتا ئەو دوو دەوڵەتە بە هیچ شێوەیەک جەوهەریان یەک نییە. مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە هەشت ساڵ شەڕ بوو لە بەینیان دا و دوژمنایەتیی عەرەب و فارس شتێکی تازە نییە. لە تاریخ دا دەیان جار شەڕیان کردووە، پاش هەشت ساڵ شەڕ وا ئاسان نییە ئاکامی ئەو دوژمنایەتییە لە بەین بچێ.لە نەتیجە دا ئێمە پێمان وایە ئەو دوژمنایەتییە هەر دەبێ ماوەیەک بەردەوام بێ. جگە لەوە هێندێک شت هەیە کە لە بەینی ئەوانە دا چارەسەر نابێ. من دەمهەوێ تەنیا دوو شتتان بۆ باس بکەم .

یەکیان ئەوەیە ئەگەر دیقەتتان کردبێ ڕۆژ هەتا ئێواریێ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئێران و قسەکەرانی کۆماری ئیسلامی هاوار دەکەن، دەڵێن عێراق جاریێ خاکی ئێمەی داگیر کردووە و ناچێتە دەرێ. عێراقیش جوابی ئەوەیە کە خاکی ئێمە داگیر دەکەن. کێهەیان ڕاست دەکەن؟ عێراق ڕاست دەکا یا ئێران؟ ئەگەر دقەت بکەین پێم وایە هەردووکیان ڕاست دەکەن. بۆ هەردووکیان ڕاست دەکەن؟ چونکە عێراق دەڵێ ئەو سنوورەی کە هەیە هی پاش ساڵی 1975ـە. عێراق دەڵێ من ئەو سنوورەم قەبووڵ نییە. سنووری پێش ساڵی 1975م قەبووڵە. ئەگەر سنووری پیش ساڵی 75 بێ عێراق هیچ خاکێکی داگیر نەکردووە. ئەگەر پاش ساڵی 75 بێ دیارە داگیری کردووە. عێراق دەڵێ پەیماننامەی 1975 لەغو کەنەوە. ئێران دەڵێ بە جێگای خۆیەتی. دووهەم مەسەلە کە هەر لەو بابەتەوە دێتە مەیدانێ، مەسەلەی شەتولعەرەبە. ئێران بە پێی پەیماننامەی 1975 حەقی نیوەی شەتولعەرەبی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عێراق دەڵێ ئەو پەیماننامەیە نەماوە و شەتولعەرەب هی خۆیەتی. ئەوە مەسەلەیەکە عێراق رایگەیاندووە بە هیچ شـــێوەیەک نایهەوێ پاشـــەکشـــەی لێ بکا. ئێرانیش ناتوانێ قەبووڵی کا. چونکە ئەگەر ئەوە قەبووڵ بکا بە مانای ئەوەیە لە شـــەڕدا شـکەسـتی خواردووە. مەسـەلەی دووهەم ئەوەیە کە کێ شـەڕەکەی دەسـت پێکرد. ئێران شـەڕەکەی دەسـت پێکرد یا عێراق. دیارە هەموو ئێران تەبلیغاتەکەی لەسـەر ئەوە داناوە کە کە عێراق شـەڕەکەی دەسـتپێکردووە. عێراقیش دەڵێ ئێران ئەوەندە تەحریکی کرد تا نەتیجەکەی بوو بە شـەڕ. بە کورتی ئەو دوو مەسـەلەیە رێگا نادا ئەو دوو حکوومەتە پێکەوە رێـک بکەون. بێجگە لەو دوژمنـایەتییە کۆنە کە لە بەینیاندا هەیە مەســـەلەیکی دیکەش هەیە کە بۆ ئێمە لە هەموان گرینگترە ئەویش ئەوەیە ئەگەر پەیماننامەی 1975 بەسترا بۆ بەسترا؟ بۆ ئەوە کە عێراق حازر بوو نیوەی شەتولعەرەب بدا بە ئێران بۆ ئەوەی ئێران پشتیوانی لە جووڵانەوەی کوردیی مەلا مســـتەفا بارزانی نەکا. لە واقیع دا جووڵانەوەی کورد بوو بە هۆی ئەوەی قەراردادی 1975 پێک بێ. بەڵام جووڵانەوەی کورد ئەو وەختە تەنیا لە کوردستانی عێراق هەبوو. ئێسـتا هەم لە کوردسـتانی عێراق هەیە هەم لە کوردسـتانی ئێران. کەوابوو جووڵانەوەکەش پان و بەرینە. سیاسیترە لە جاران. عەشیرەتی نییە. لەبەر ئەوە هەر کەس بیهەوێ تەنانەت مەسـایلی دیکەش حەل بکا، ئاشـتییەکی بەردەوام پێک بێنێ لەبەینی ئێران و عێراق دا، دەبێ چارەســەرێک بۆ مەسـلەی کورد بکا. بێ چارەسەری ئەو مەسەلەیە، هیچ ئاشتییەکی بەردەوامم لە بەینی ئێران و عێراقدا نابێ. هەموو وەختێک ئەو شـاخ و داخە بۆوەی دەبێ کە کورد بتوانێ ئەو ئاشـتییە تێک بدا. تێکی دەدا ئەگەر حەقی خۆی وەرنەگرێ. هەر بۆیە لێرە دانیشـــتووە کە تێکی بدا، حەقی خۆیەتی .

کەوابوو نەتیجەکە ئەوەیە کە دادەنیشـن پێکەوە قسـە دەکەن، فشـاریشـیان زۆر لەســـەرە لە دەرەوە را ئەو دوو دەوڵەتە. بەڵام ئاشـــتی دایمی لە بەینی ئەوانە دا بەزەحمەت پێک دێ. ئێمە وەختێک کە بڕیارنامەکە قەبووڵ کرابوو، باســـمان کرد کە رەنگە شــەش مانگ تا دوو ســاڵی بوێ، هەتا بە تەواوی رێک دەکەون. ئێســتا هەشت مانگی لێ رابردووە و نەک هەر رێک نەکەوتوون بەڵکوو نیوانیان بڕێکیش ناخۆشتر بووە لە چاو هەشت مانگ لەوەی پێش. ئێستا لەو بڕوایە داین کە مەسەلە، مەســـەلەی بان میلییە و رەنگە زۆری بکێشـــێ کە ئەو دوانە بتوانن پێکەوە رێک بکەون .

لە پاشان کەمێکیش لە سیاسەت ئەگەر ورد بینەوە هێندێک شتی دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ. هەتا ئێســـتا ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران پێمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆش نییە زۆر هێزی خۆمان بەکار بێنین. پێمان خۆش نییە زۆر شـــــەهید بدەین. پێمان خۆشـــە وەزعی خۆمان بە باشـــی رابگرین. بۆچی؟ چونکە وامان داناوە کە ئیمامەکەمان بەو زوانە تەشـــریفی دەڕوا، ئیمام کە رۆیی ئەو وەختە وەزعی وڵات تـا رادیەکی زۆر دەگۆڕێ. ئێمە لەوانە نین کە بڵێین دەبێ ئەوڕۆ خومەینی بمرێ ســـبەینێ لە ئێران دا شـــۆڕش دەکەین بەڵام پێمـان وایە کە ئەو رژیمە گۆڕانی بەسەردێ و رێگا خۆش دەکرێ.

ئەوە ئەو هەلومەرجە ناسکەیە. وەختێک پێک هاتووە بۆ ئێمە کە شەڕ لە بەینی ئێران و عێراق نەمێنێ، بەڵام پێکەوەش بە تەواوی رێـک نەکەوتوون. ئەوە فاسلەیەکی زۆر زۆر بەجێیە. رەنگە چەند مانگی دیکە بێ. رەنگە چەند ساڵی دیکە بێ. ئێمە دەبێ لەو فاسلەیە، لەو ماوە زەمانییە کەڵک وەربگرین و ئیستفادە بکەین. ئەوە ئەرکی سەر شانی ئێمەیە. باشە چ بکەین؟ چ ئەرکێکمان هەیە کە دەبێ بەجێی بێنین. من پێم وایە کە ئێمە سێ ئەرکی گەورەمان کەوتووەتە سەر شان کە بەتایبەتی لەو مـاوەیە دا دەبێ تێبکۆشـــین جێبەجێیـان بکەین. یەکەم وە لە هەموان موهیمتر ئەوەیە کە، لە مەیدانی خەبات لە نێوخۆی ئێراندا هەر دەنگمان هەبێ. هەر تەقەمان هەبێ. دیارە بە شێوەیەکی رێک و پێکتر. بە شێوەیەکی باشتر. هەر لەو کاتە دا کە خۆمان دەپارێزین لەوەی کە بە خۆرایی شـــەهید نەدەین، لەو کاتە دا دەبێ زەربە لە دوژمن بدەین. دەبێ زەربە لە رژیمێک بدەین کە رۆژ بە رۆژ کزتر دەبی. ئەوەڵەن ئێمە لەو بڕوایە داین کە رژیمی ئێران، بە پیچەوانەی ئەوەی کە پار دەیهەویســـت نیشانی بدا، ئەمساڵیش زۆر کزتر لە جارانە. زۆر کەس وا فکر دەکاتەوە - کەمێک غەیری سیاسـیانە – کە ئێران ئێستا لەگەڵ عێراق شـەڕی نەماوە. هەرچی هیزی هەیە کۆی دەکاتەوە و لە کوردســـتـان خۆی بەهێزتر دەکا. ئەگەر ئێمە شـــەڕی جەبهەیی لەگەڵ ئێران بکەین ئەو قســـەیە راســـتە. بەڵام ئێمە شـــەڕی جەبهەییمان نەکردووە. ئەگەر پێشـمەرگە پیشـمەرگە بوو، پارتیزان لە هەموو جێگایەکی هەبوو لە هیچ جێگایەکی نەبوو، ئەو وەختە ئێران چ دەتوانێ بکا. با 10هەزار نەبێ و 50 هەزار بێ. ئەو وەختە تەئسیری هەیە کە ئێمە شەڕی جەبهەیی بکەین کە نایکەین.

لە پاشان ئێران ئێستا دوو کۆسپیشی لە پێشە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ پیشمەرگە. یەکیان نیزامییە. نیزامییەکەی ئەوەیە ئێوە کە پێشـــمەرگەن بە تایبەتی ئەوانەی کە تەجرەبەیان لەو چەند ســـاڵە دا زیاترە لەگەڵ رژێمی ئێران زۆر باش دەزانن کە نوقتەی هەرە بەهێزی ئەو رژێمە نە ئەوە بووە کە ئەوەی لە شـتی نیزامی دا دەڵێن پڕۆژێتیکی باشـتر بووە. نە ســازماندهی باشـتر بووە. نە ســەرباز و پاسـدار و بەسـیجییەکەی پوختتر لە پیشـمەرگەی ئێمە بوون. هیچی ئەوانە نەبووە. هێزی دە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چی دا بووە؟ لە سەرەتاوە هێزی لەوەدابوو کە ئەو جەوانانەی دەهاتن بۆ شەڕ پێیان دەکوترا کە ئەگەر ئێوە بکوژن ئەوە خزمەتی ئیسلامتان کردووە و ئەگەر بکوژرێن دەچنە بەهەشت. یەعنی رووحیەیان باش بوو و ورەیان لە سەرێ بوو. ئەوە نوقتە قووەتی رژێمی ئێرانی بووە. پارئەو وەختانە ئەگەر لە بیرتان بێ لە دوای شەڕی فاو ئیدی شکست لە دوای شکست بە سەر ئێران هات. بۆ؟ چونکە رووحیەکە نەمابوو. ئێستاش هەر وایە. ئەو جەوانانەی کە دە ساڵ لەوەپێش دەهاتن لە کوردستان یا هەشت ساڵ لەوە پێش لە دژی عێراق شەڕیان دەکرد، ئەوان بە بیر و باوەڕ بوون. بە ئیمانەوە هاتبوون شەڕ بکەن. ئێستا ئەو بیروباوەڕ و ئیمانە نەماوە. ئەوە نوقتەزەعفی هەرەگەورەی ئەو رژێمەیە. کەوابوو لە باری نیزامیەوە لە مەیدانی شەڕ دا ئێوە تەرەف نین لەگەڵ کەسانێک کە هەتا ئاخر فیشەک شەڕتان دەگەڵ بکا. دووهەم، کۆسپێکی سیاسیشی لە پێشە ئەویش ئەوەیە چەندین ساڵە هەر لەو وەختەوە شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکردووە، رژێمی ئێران تەبلیغات دەکا کە ئەوانەی کە لە کوردستان شەڕ دەکەن، ئەوانە بەعسین، پیاوی عێراقن، باشە خۆ ئێستا عێراق شەڕ ناکا. ئەگەر ئێستا شەڕ بکرێ لە کوردستان کە پار مەسەلەن هێزی شیمال زەربەی توندی وەشاند لە دەوروبەری ورمێ و زۆر کەسیان لەو بریندار و کوژراوانە بردە شاری ورمێ، خەڵکەکە پرسیاریان دەکرد باشە ئەوانە لە کوێ کوژراون، ناڵێن شەڕی ئێران و عێراق نەماوە. ئەو سەرپۆشەی کە چەند ساڵ رژێم لەسەر شەڕی کوردستان داینابوو، ئێستا مەجبوورە لاچێ. مەجبوورە ئیعتراف بەوە بکا کە ئەووەڵەن شەڕێکی دیکە هەیە لە ئێران ئەویش لە کوردستانە. دووەم دەبێ ئیعتراف بکا بەوە کە لە واقیعدا نەیتوانیوە لە کوردستان زاڵ بێ. نەیتوانیوە بەو شێوەیەی کە ئیدیعای دەکرد شەڕەکە خەلاس بکا و لە هەموان گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ ئیعتراف بکا کە حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کە شەڕ دەکەن، بەعسی نین چونکە بەعس شەڕ ناکا. بەعس دەگەڵ ئێران رێک کەوتووە. بەعس دەیهەوێ پەیماننامە ئیمزا بکا بەڵام ئێمە نامانهەوێ. لە رۆژی ئەوەڵەوەش کوتوومانە ئێمە شەڕ بۆ شتێک دەکەین. ئەو شەڕە بەسەر ئێمە دا تەحمیل بووە. بۆ شتێک، بۆ دێموکراسی بۆ ئێران بۆ خودموختاری بۆ کوردستان. کەوابوو هەتا ئەو وەختە نەگەین بە هەدەفی خۆمان و ئامانجی خۆمان شەڕی ئێمە هەر بەردەوامە. ئەگەر ئەوانە هەموو بخەینە بەرچاو دەتوانین نەتیجە وەربگرین کە ئەرکی یەکەممان زۆر باشتر دەتوانین جێبەجێ بکەین کە نیشان بدەین ئێمە هێزێکی سەربەخۆین. سەر بە هیچ جێگایەک نین. سەر بە میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتین و ئاواتمان ئەوەیە کە دێموکراسی و خودموختاری بەدەست بێنین و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەتوانین دوای تەواو بوونی شــەڕیش لە داخلی کوردستانی ئێران دا هیزی خۆمان نیشـــان بدەین. ئەوە پێم وایە ئەرکی هەرە گرینگی ئێمەیە کە دەبێ ئەوســـاڵ کە بە تایبەت ساڵێکی ناسکە زۆر باشتر نیشانی بدەین. ئەو نیشان دانە دیارە مانای ئەوە نییە کە وەک بۆتان باس کراوە و باســیش دەکەین کە ئێمە خۆمان هەر وا بەســـەر پایەگا دا بدەین و یا خۆمان بەخۆڕایی بە کوشت بدەین .
بە پیچەوانەوە دەبێ زۆر ورد بین و زۆر نەقشەی دەقیقمان هەبێ. وا بکەین کە هیچ شـــەهیدمان نەبێ یا ئەگەر شـــەهیدمان هەبوو زۆر کەم بێ. دەبێ ئاوا بچینە پێشـێ بەڵام لە جێگای خۆشـی زەربەی باش لێدەدەین. ئەوە نەبێ کە ئەمە لە ماوەی چەند مانگان بڵێین 50 عەمەلیاتمان کردووە. نا لە ماوەی چەند مانگ دا دەبێ چەند عەمەلیاتی باش بکەین دەنگ بداتەوە. بە تایبەتی ئێوە هێزی شـــیمال لە هەموو جێگایەک زیاتر دەگرێتەوە. هۆیەکەشـــی روونە چونکە ئێوە لە ســـنووری تورکیە دان. ئەگەر بڕێک دوورتر بڕۆن دەگەنە سنووری سۆڤیەتیش کە ناڕۆن. نازانم بۆ ناڕۆن. ئێوە هەر ئەوەندە رەنگە تەقەش نەکەن بەڵام بڕوام پێ بکەن کە مەســـەلەن لە ماوەی حەفتەیەکدا ســـێ چوار جار پەلێکی پێشـــمەرگە بچێتە ســـەر رێگای بازرگان، یا ئێستا مەســەلەن رێگای سێرۆش بۆتە رێگایەکی ئەسڵی، بچێتە سەر رێگـای ســـێرۆ، هەر ئەوەنـدە چونکە ئەوانەی کە لە دەرەوەڕا دێن، زۆریـان خاریجین، حەتتا شـــۆفیرەکانی ئەو ترۆمبیلانە خاریجین. دەنگ دەداتەوە لە هەموو ئوروپا کە رێگا گیراوە. هەر چەند مومکینە تەققەش نەکەن وە ئەوە تەئسیری زۆر لەوە زیاترە لەوەی کە ئێمە مەســـەلەن لە ناوەندی کوردســـتان پایەگایەکی 150 کەسیش بگرین کە رژێم سەرپۆشی لەسەردادەنێ و دەڵی بەعس وای کردووە. ئێوە بتانهەوێ و نەتانهەوێ مادام شـیمالین ئەرکی ســەر شـانی ئێوە هەر ئەوســاڵە زۆر قورســـترە لە هەموو ئەوانی دیکە. دەبێ چالاکتر و فەعالتر بن. ئەوە شـــتێکە کە نابێ لە بیرتان بچێ. بۆچی؟ بۆ ئەوە کە ئەو ئەرکە گرینکە کە باســـم کرد نیشـــان بدەین. کە ئێمە حیزبێکی سـەربەخۆین. هێزێکی سـەربەخۆین داوای دێموکراسـی و خودموختاری دەکەین و دەمانهەوێ ئەو دێموکراســـی و خودموختارییە وەبگرین. شــــەڕی ئێران و عێراق هەبی و نەبێ ئەوە رەبتی بە ئێمە نییە و بۆ ئامانجەکانی خۆمان هەر شەڕی خۆمان بەڕێوە دەبەین.
ئەرکی دووهەممان ئەوەیە کە ئێمە بە داخەوە تا ئێستا لە نێوخۆی ئێراندا بە تەنیاین. راســـتە لەو ئاخرانە دا هێندێک تەقە کراوە لە بەلووچســـتان و ئەوانە و هێندێک جموجووڵ هەیە مەســـەلەن بڵێین لە تورکەمەن ســـەحرا، بەڵام واقعیەتەکەی ئەوەیە کە بەو شێوەیەی ئێمە هەین لە داخلی ئێراندا، هیچ کەسی دیکەی لێ نییە. بۆیە ئێمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناچارین ئەگەر واقعبین بین، ئێمە بە تاقی تەنیا ناتوانین ببین بە ئالترناتیو. یەعنی ناتوانین ببین بە جێنشینی رژێمی خومەینی. چونکە کوردستانی ئێران سەدی 7ی خاکی ئێرانە و گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران سەدی 17ی دانیشتوانی ئێرانە. ئێمە لە ئەقەلییەت داین کەوابوو دەبێ هاوپەیمانمان هەبێ و لە بەشـــەکانی دیکەی ئێراندا دۆسـتمان هەبێ.ئەوەیە کە حیزبی ئێمە هەر لە سـەرەتاوە، هەموو وەختێک مەشـــغوولی ئەوە بووەی یەکەم دەگەڵ گەلانی زوڵم لێکراوی ئێران کە بە داخەوە ریکخراوێکی بەهیزیان نییە جارێ وەکوو تورکمەن وەکوو بەلووچ وەکوو عەرەب وەکوو ئازەربایجانی دۆستایەتی بکا. دووهەم دەگەڵ هەموو ئەو هێزانە کە ئیمانیان بە دێموکراسی و خودموختاری هەیە کە زۆربەی هەرەزۆری هێزەکان دەگرێتەوە، دەگەڵ ئەوانیش هـاوکـاری بکـا. ئێمە تەنیـا یەک هێز وەدەردەنێین ئەویش شـــاپەرەســـتەکانە. چون تەجروبەمان دەگەل شـــاپەرەســـتەکان هەیە. لە مێژە ئەو تەجروبەمان هەیە. ئەوەڵەن لەو بڕوایە داین کە شۆڕشی ئێران سەڵتەنەتی ناشتووە. دەفنی کردووە. 60هەزار شەهیدی داوە بۆ ئەوەی کە سەڵتەنەت لە مێژووی ئێراندا شـوێنەواری نەمێنێ. لە پاشـان ئەمە لەو بڕوایە داین کە سـەڵتەنەت لە ئێراندا وەک سـەڵتەنەت لە ئینگلسـتان و سـوید نییە. ئەگەر پادشـا بێتە سـەر کار لە پێشـدا دەڵێن دێموکراتم. بە محەمەد رەزاشاشیان وەختی خۆی کە تازە هاتبووە سەر کار دەکوت "شـــاهنشـــاە جوانبخت دمکرات" دیتمان چی کرد. دێ لە پێشـــدا دەڵێ دێموکرات لە پاشــان دەبێتە دیکتاتۆرێک کە ئەوســەری دیار نییە. کەوابوو شــاهەنشــاهی بۆ ئێمە یـانی دیکتـاتۆری. لە پـاشـــــان دەبێتە دیکتـاتۆر چونکە لە نێوخۆی وڵات دا هیچ پـایەگـایەکی ئیجتمـاعی نییە. هیچ بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی نییە. مەجبوورە خۆی ببەســتێتەوە بە دەرەوە. جاران شـــایەکانی ئێران خۆیان بەســـتبۆوە بە رووســـیەی تیزاری. لە پاشان خۆیان بەستبۆوە بە ئینگلستانێ. ئێستاش خۆشیان دەبەستنەوە بە ئەمریکاوە. ناچارە بە دیکتاتۆری حوکم دەکا. میللەت پشـــتیوانی نییە دەبێ یەکی بێگانە پشتیوانی بێ. دەبێتە دیکتاتۆر. دەبێتە نۆکەری بێگانە کە دیتمان هەر وا بوو. لە ســـــاڵی رابردوو دا رەنگە خۆشـــتـان ئـاگـاتـان لێ بێ لەو بـارەوە کەمێـک سـەرکەوتووتر بووین لە ساڵەکانی پێشتر. ئەمن پێم وایە لەو ساڵە کە وا لەپێشمانە زیاتر سـەرکەوتوویی دەبینرێ. بەڵام دەمهەوێ لێرە شـتێک بڵێم. سـەرکەوتنی ئەو ئەرکەی ئێمە بەوە بەســتراوەتەوە وکە لە داخل دا چۆن بین. ئەگەر هەبین دەتوانین لە دەرەوەش زۆر باشــتر کار بکەین. ئەگەر لە داخل نەبین لە دەرەوەش قســـەمان ناڕوا. ئەگەر پیشـمەرگە لە داخل، عەمەلیاتی هەبێ، فەعالیەتی هەبێ، تەشـکیلاتی حیزبمان بە تایبەتی لە شـــارەکانیش لەمەودوا فەعالییەتی زیاتر بێ، ئەگەر بچمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرێ ئەو دەم زمانم ئەوەندە درێژ دەکەم. دەتوانم قسە بکەم و زۆر شت بڵێم. بەڵام ئەگەر نەبوو ناچارم کلی بکەم. ئەوە بەســـتراوەتەوە بە ئێوە. ئەگەر دەتانهەوێ لە دەرەوە باشتر کارەکانمان بچێتە پێشێ، لە ژوورەوە دەبێ فەعالییەت باشتر بکەین. ئەمن پێم وایە دەتوانم ئەوەندەتان پی بلێم کە لەو یەک دوو ســـەفەرەی لە ســـاڵی رابردوو دا کردم، قەت نەبووە کە وەک ئەو ســی چوار مانگە، نەک هەر بیروڕای گشـــتی و رۆژنامەکان، هێندێک لە دەوڵەتەکانیش ئاوا ئێمە وەربگرن. هێندێک لە دەوڵەتان کە جاران حازر نەبوون قسەشمان لەگەڵ بکەن، ئیستا حازرن قسە بکەن و بە رەسمی وەرمانبگرن. گوێ لە قسەکانی ئێمە بگرن. هێندێک ئیشمان بۆ بکەن. دیارە ئێمە خۆشبەختیمان ئەوەیە کە شەڕی پارتیزانی دەکەین . شەڕی پارتیزانیش نیازی بە دوو شت هەیە. دەلێن باشە چەکتان دەوێ یا پارەتان دەوێ. ئێمەش دەڵێین نە چەکمان دەوی نە پارەمان دەوێ. پشتیوانیی سیاسیمان دەوێ. کورد بە داخەوە لە کوردســتانی عێراق دەچوونە هەر جێگایەکی داوای ئەو دوو شــتەیان دەکرد. بەڵام ئێمە داوای پشتیوانیی سیاسی دەکەین. ئەمن دەگەڵ یەکێک لە هەرە سیاسەتمەدارانی پایەبەرزی فەرانســە قســەم دەکرد. پێم کوت ئەمە هیچمان ناوێ لەوانە. کوتی ئەوە دیارە کورد زۆر زیرەکن. کوتم بۆچی. کوتی باشە ئەگەر یەکێک پشتیوانیی سیاسی و مەعنەوی لە ئێوە بکا هەموو شتێکیشتان دەداتێ. جا کوتم مەبەستی ئێمەش هەر ئەوەیە. چونکە بۆ ئێمە موهیم سیاسییەکەیە. بارە سیاسییەکەی هەبێ ئەوی دیکەی دەبێ. شــکور ئێمە ئیستا ئەوە تەماشا دەکەین پیشمەرگەی باش و پوخت و هەموو ماشــەڵڵا دیارە نانی باش دەخۆن و چەک و ئەوانەش باشــە. هەمانە و بێچەدیشــمان هەیە. پشتیوانیی سیاسیمان لەوان دەوێ و من پێم وایە ئەو پشتیوانییە سیاسییە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ و دەبێ ئیستفادەی لێ بکەین. دیسان ئەو فاسلە زەمانییە بۆ ئێمە موهیممە. دەبێ دەو فاسلە زەمانییە دا مەسەلەی کورد زۆر زۆر گەورەتر بێ. دەبێ وا بکەین ئەو دەولەتانە لە بەینیان دا بەرەبەرە موســـابەقە پێک بێ. ئێســـتا فەرز بکەین ئێمە لەگەڵ نوێنەری عێراق دادەنیشــــین. دەڵێین تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە ئێران خەریکە دەیدا. لە تورکیاش کە دادەنیشین دەڵێین ئەگەر تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە عێراق خەریکە دەیـدا. لە ئێرانیش دەڵێین ئەگەر تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە تورکیە دەیهەوێ بیدا. دەبێتە دێموکراســی و لە پاشــان نیشــتمانێکی هەیە کە غەیری مەزهەبییە. لائیکە. جاران ئەو دەوڵەتانە کوردیان دەکرد بە ئالەتی دەست بۆ ئەوەی دژی یەکتری بەشـــەڕ بێن. دەبا جارێکیش کورد مســابەقەیەک پێک بێنێ لە بەینی ئەو دەوڵەتانە دا. ئەمە پێمان وایە وەزعی نێونەتەوەیی دەرەوە بۆ ئەوە موســـاعیدە بەڵام بەستراوەتەوە بەوە کە هەم ئەرکی داخلیی خۆمان چۆن جێبەجێ بکەین و هەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە زانین و تێگەیشتنەوە ئەو مەسایلەی بەرینە پێش. چونکە هەر بە گۆترە ئەو کارە جێبەجێ نابێ. دەبێ زمانێکی وامان هەبێ، پەیامێکی وامان هەبێ، کە ئەو دەوڵەتانە، ئەو سیاسەتمەدارانە، ئەو رۆژنامەنووسانە لێمان وەرگرن. چونکوو جاری وایە برادەری کوردمان هەیە، دیارە هی ئێمە نییەم حیزبی دێموکراتی تورکیە، ئی عێراق دەڵێ بەڵی ئێمە دەمانهەوێ کوردستانی سەربەخۆ دروست کەین. سنووری چوار دەوڵەتان تێک دەین، عێراق و تورکیە و سوریە و ئێران و حەتا ئی سۆڤیەکتیش جار جار. باشە هەر جاری زیاتر ئەوەی گوێ لێ بێ دەترسێ دەڵێ ئەوە ئاژاوەیەکی گەورە ساز دەبێ. دەبێتە شەڕێکی بەینەلمیلەلی. زۆر رێگایەکی ئیشتباهە. لە پاشان شتێکی غەیری واقعییە. کەس ناتوانی سنووری چوار دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لابەرێ و لە پاشان ئەو هێزەمان نییە. باشە کەوابوو دەبێ بچی بڵێی خودموختاریمان دەوی لە چوارچێوەی ئێران دا. هیچ شتێکم ناوێ لە دەرەوەی ئێران. دەمهەوێ زمانی خۆم هەبێ، دەبەشی کوردستاندا کاروباری کوردستان خۆم ئیدارەی بکەم. ئەمنیەتی داخلیی کوردستان دەبێ بە دەست خۆمەوە بێ. لە پاشان دەڵێم ئەوەی کە من دەمهەوێ بەشێکە لە هەموو بەشەکان. ئەگەر ئەو شێوە قسەیەمنان هەبێ، راستە خۆ هەردووکی بۆ یەک رێبازە، بەڵام فەرقیان هەیە. ئەوە باشتر وەردەگیرێ. ئەو پادشاهە کە لە خەونی خۆیدا دیبووی هەموو ددانەکانی کەوتبوون یەک ددانی ماوە. بەیانی دوو مەنەجمی هەبوو بانگی کردن. بە یەکێکیان کوت تەفسیری ئەو خەونە چییە. کوتی وەڵا ئەوە تەفسیری ئەوەیە کە هەرچی کەسوکارت هەیە هەموویان دەمرن و تۆ بە تاقی تەنیا دەمێنیەوە. کوتی بیبەن بیکوژن. پاش ئەوەی هەموو کەس وکاری من بمرن ئەمن بە تاقی تەنیا چ بکەم؟ ئەوەی دیکەی بانگ کرد کوتی تۆ دەڵێی چی؟کوتی مانای ئەو خەونە ئەوەیە عومری پادشا لە هەموو کەس و کاری زیاتر و درێژتر دەبێ. جا ئەوە باشە قسەکانیش هەر یەک بوون. شێوەی کوتنەکە جیاواز بوو. ئەوە ئەو سێ ئەرکە کە باسم کرد، هەموومان دەبی وەک حیزبی دێموکرات، لە پیشمەرگەیەکی سادەوە بگرە هەتا سکرتێری ئەو حیزبە، حەول بدەین بۆ ئەوەی ئەو سێ ئەرکە باشتر بچێتە پێش. یەکەم لە داخل دا نیشان بدەین هیزێکی سەربەخۆین. دووهەم: دەگەڵ رێکخراوەکانی ئێران کە ئیستا زۆرتر دەبن، بەرەبەرە تێگەیشتووتر دەبن، واقعبینتر دەبن، دەگەل رێکخراوی میللەتە زۆر لێکراوەکانی ئێران، تورکمەن و عەرەب و ئازەری، دەگەڵ ئەوانە دۆستایەتی ساز بکەین بۆ دوارۆژ بۆ رووخاندنی رژێمی خومەینی. بۆ دوارۆژی ئەو رژێمە دەبێ ئەو کارە بکەین. سێهەمیش کە لە دەرەوە مەسەلەی کورد گەورە ببێ. ببێ بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. هەموو ڕۆژی باس بکرێ. جا لەوە کەڵک وەربگرین بۆ ئەوەی بە مافی خۆمان بگەین.
ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ئەوەلەوە ڕامانگەیاندووە کە شەڕخواز نین. ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بۆ شتێکی دیکە دەکەین. شەڕەکەش ئێمە دەستمان پێ نەکردووە. ئەو شەڕە بەسەر ئێمە دا تەحمیل بووە. شەڕی ئێمە بۆ دێموکراسی و خودموختارییە.هەروەختێکی بە دێموکراسی و خودموختاری گەیشتین، دەست لە شەڕەکە هەڵدەگرین. پاشان لە سیاسەت دا ڕەش و سپی نییە. هەموو شتێک و هیچ شتێک. هەر کەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ. با ئیعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەمان دا، کورد سیاسەتەکەی ئەوە بووە : یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک. نەتیجەکە بۆتە چی؟ هیچ. لە سیاسەت دا زۆر جار وا هەیە دوو هەنگاو دەچیە پیشێ، دوو قەدەم دەچیە پێش شتێک وەردەگری، پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دی. دیسان دەچیە پێش. ئەو سیاسەتە ناویان ناوە هونەری مومکین. سیاسەت هونەری مومکینە نە خەیاڵی. لە خەیاڵی خۆتدا شتێک دابنێی و داوای بکەی. ئەوەی کە واقییەتە جێبەجێ دەبێ. ئەوە سیاسەتە. ئەوەی دیکە شیعر و خەیالاتە. قەدەغە نییە شیعر و خەیاڵات بەڵام ئێمە بە شیعر و خەیاڵات کاری سیاسی ناکەین.
دەڵێین حیزبی دێموکرات موزاکەرەجوو بووە، ئاشتیخواز بووە. ئەوەش هەر وەکوو جنێو دادەنێن. هەر وا دەزانن شتێکی زۆر خراپە. نەخێر شتێکی زۆر باشە. ئێمە ئاشتی خوازین و موزاکەرەش دەکەین. ئێستاکە باسم کرد ئێمە بە تاقی تەنیا لەو ئێرانە دا شەڕ دەکەین. لە شمالەوە نەقیزەیەکی لیدەدەین. هەڵدێین لە جنووبەوە زەربەیەکی لێدەدەین و لەولا دیسان ئەزیەتی دەکەین. بۆ وا دەکەین؟ خۆ ئێمە دەزانین بەمە ئەو ڕژێمە ناگۆڕێ. ئەی بۆ وا دەکەین؟ شتەکە زۆر ڕوونە. ئەوەندەی لێدەدەم هەتا هەراسانی دەکەم بلی باشە بۆ وا دەکەی؟ کە هات بڵێ بۆ وا دەکەی ئەو وەختە پێی دەڵێم بۆ وا دەکەم. ئەوە دەبێتە چی؟ دەبێتە موزاکەرە. لە واقع دا ئەمن شەڕ دەکەم بۆ موزاکەرە. ئێمە دەڵێین کە مەسەلەی کورد حەللی نیزامیی نییە. مەبەستمان ئەوەیە ئەوانەی کە دانیشتوون لە ئەمریکا و لە ئوروپا و لە بەغدا و نازانم لە کوێ دەڵێن بۆ شەڕ ناکەن و بۆ خۆ هەڵناکەن؟ وڵامەکەی هاسانە. ئەگەر پیاوی وەرە بۆخۆت شەڕ بکە. بەڵام ئێمەین ئیستا شەڕەکە دەکەین. دەبزانە چەندە ئەوانە بی شەرم و دووڕوون کە بە حیزبی دێموکرات دەڵێن شەڕ بکە. هەتا پارەکە دیسان کۆمەڵە هەبوو. ئێستاش کۆمەڵە هەموو ئەندامانی خۆی کۆ کردۆتەوە و ئەوەی ماوێتی سی چل کەسی لی دەرهێناوە وەک کۆماندۆ. ئەوی دیکەش بە سەفەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڕۆن بۆ دەرەوە و لە سوید و ئینگلستان و فەرانسە و ئاڵمان شۆڕشەکە ئیدامە دەدەن. کەوابوو ئێمە دەڵێین موزاکەرە دەکەین. بەڵام موزاکەرە بۆچی؟ موزاکرە بۆ دێموکراسی و خودموختاری. ئەگەر رژێمی خومەینی رۆژێک هات و کوتی من حازرم خودموختاری بدەم بە شێوەیەک کە حیزبی دێموکرات موافقەتی دەگەڵ بکا، ئەو وەختە ئەمە بە میللەتی کورد بڵێین چی؟ چەک؟ ئەو وەختە بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە شەڕ دەکەین هەر بۆ شەڕ. مەنزوورم ئەوە نییە خومەینی شتی وا دەڵێ. پێم وایە تا خومەینی مابێ شتی وا ناڵێ.


ئێمە لە عەینی وەخت دا کە ئیستا شۆڕشگێرترین و شەڕکەرترین هێزی ئێرانین، دە عەینی وەخت دا مەسئوولترین حیزبی ئێرانیشین، دەعەینی وەخت دا ئاشتی خوازترین هێزی ئێرانیشین. هەر بۆیەش میللەتی کورد دەزانێ ئێمە مەسئوولانە دەجووڵێینەوە. و میللەتی کورد دەزانێ کە ئێمە ئەوە نین لە زەمانی ئاشتی دا شەڕ بکەین و لە زەمانی شەڕ دا بڵێین دادەنیشین. دە زەمانی شەڕ دا شەڕ دەکەین و ئەگەر ئاشتی بوو ئەوا ئاشتی. کەوابوو ئێمە هیچ ناشارینەوە. ئەگەر رۆژێک هەر رژێمێک لە تاراندا بێتە سەر کار، لەسەر دێموکراسی و خودموختاری لەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا، ئێمە هیچ باکمان نییە و بە ئاشکرا دەڵێین و دەنووسین و لە رادیۆ بلاوی دەکەینەوە . کەسێکیش کە پێمان دەڵێ موزاکەرەجوو ئەوەی بە جنێو نازانین و پێمان وایە حەقی خۆیەتی. کوتم ئێمە مەبەستمان هەر ئەوەیە ئەو رژێمە ناچار بکەین. یا شەڕی مە ئەوەندە درێژ دەبێ تا رژێمەکە دەڕووخێ یا یا ئەوەندە ناچاری دەکەین کە بێتە سەر مێزی موزاکەرە. لە هەموو دنیاش ئێوە تەماشا بکەنم لە ئانگولا موزاکەرە دەکەن، لە سریلانکا موزاکەرە دەکەن، لە فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیل موزاکەرە دەکەن.هەموو هەر بۆ موزاکەرەیە. باشە بۆ بۆ هەموو خەڵکی دنیا رەوایە و بۆ کوردی بەدبەخت قەدەغەیە. ئەوان بۆخۆیان هیچیان لە ئێراندا پێ ناکرێ، موجاهید و ئەوانەی دیکە هیچیان پێ ناکرێ. لەمەودواش بەغدا زۆر گەرمە. گەرما تینیان بۆ دێنێ، ناشتوانێ بچێتەوە ئێرانێ. فکرەکەی ئەوەیە کە ئەمن هیچم پێ ناکرێ بەڵام ئەتۆ هەر شەڕ بکە. باشە شەڕ دەکەم بەڵام بۆ تۆی ناکەم. ئەمن شەڕەکەم بۆخۆم دەکەم. و ئەگەر رۆژێک یەکێکی وا پەیدا بوو لە تاران هات کوتی با شەڕ نەکەین ئەوەی تۆ دەتهەوێ جێبەجێی دەکەم، خۆ من ئەو وەختە شێت نەبووم شەڕ بکەم. لەبەر خاتری چی شەڕ دەکەم؟ ئێمە لە سیاسەتدا ئەو بڕوایەمان نییە یا دەبێ "خومەینی" بێ یا دەبێ "رەجەوی" بێ. ئەمە ئەو شتەمان نەکوتووە. ئێمە دەڵێین ئەو رژێمە رەنگە ماوەیەکی دیکەش لەسەر کار بێ، رەنگە لە پاش خومەینیش رەجەوی نەیەتە سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کار. هەر نایەتە ســـەر کاریش. باشـــە کەوابوو ئێمە لەگەڵ ڕژێمێک تەڕەفین کە لەوێ دانیشـــتووە. ئەگەر ڕژێمەکە ئەتۆ دەتوانی بیڕووخێنی کە ئیدیعـات زۆرە فەرموو خۆ کەس پێشـی پێ نەگرتووی بیڕووخێنە. ئەمەش پێمان خۆشـە بڕووخێ. ئەمە پێمان خۆشـە. کێ پێی ناخۆشـە ئەمە ئەوشـۆ بە ئیسـراحەت بنووین و بەیانی هەســـتین بزانین خومەینی رووخاوە. بەڵام خەون و خەیاڵات شـــتێکی دیکەیە و واقیعەت شـتێکی دیکەیە. کە ناتوانی ڕژێمەکە بڕووخێنی هیچیشـت لە دەسـت نایە شـەڕیشـت پێ ناکرێ، دوو کەسیشـت لە هیچ شـارێکی ئێران نەماوە کە شتێکت بۆ بکا، تۆ داوا دەکەی شەڕەکە من هەڵئاییسێنم؟ پێتوایە کورد کوردی جارانە؟ لە بۆیە ئێمە ئەگەر هات و ئەو ڕژێمە جارێ ڕژێمێکی کۆنەپەرەسـتی سـەدەکانی نیونجییە کە شـتێکی لێ دەرنایە، بەڵام ئەگەر سـبەینێ وەزعی ڕژێمەکە گۆڕا و تەغیراتێک هـاتو و یەکێکی وا پەیـدا بوو کوتی بەڵی من حـازرم خودموختـاری بـدەم، دەیکەین.ئێمە حیزبێکی مەسئوولین. خوێنی یەک پێشمەرگەمان بە دنیایەک نادەین. پێم خۆش نییە یەک پێشمەرگەمان شـەهید بێ. شـەڕ بۆ شـەڕ ناکەین. ئێمە شـەڕ بۆ هەدەفێک دەکەین. شـــەڕمان پێناخۆشـــە. ئەگەر لە ڕێگای ئاشـــتی و لە ڕێگای وتووێژەوە حەقی خۆمان وەربگرین، بۆ شەڕ دەکەین؟ ئێمە عاشقی شەڕ نین. ئێمە عاشقی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و خودموختارین.

جا من ئارەزاووم ئەوەیە ئەوەی کە باســـمان کرد لێرە پێکەوە، هەر کەس لە جێگای خۆی ئەرکی خۆی بە چاکی بەجێ بگەیەنێ. ئەمن دڵنیام کە ئەوســـاڵ هەم ئێوە وەک پێشـــمەرگە و بە تایبەتی وەک هێزی مەڵبەندی شـــیمال و ئێمە وەک بەڕێوەبەری ئەو حیزبە و هەموو هێزەکانی دیکەمان لە نـاوەندی کوردســـتـان و جنووبی کوردستان ئەوسـال ئەرکی خۆمان باشـتر لە پار و لە سـاڵانی دیکە بەجێ بگەیەنین و دڵنیـام کە چەنـد هەنگـاو لە ئـامـانجەکـانی خۆمـان کە دێموکراســـی و خودموختارییە نزیک دەبینەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاخرین دیداری ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو لە مەڵبەندی شی
خاکەلێوەی ساڵی 1368 بێشێ تا ئێستا لە زۆر میدیا دا بڵاو بۆت


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org